# ئازاد احمد لە کۆڕیکی جەماوەریدا لە رانیە

کاتژمێر 6 ی ئیوارەی  رۆژی 7-7-2005 ، سەنتەری گەنجانی رانیە، کۆڕیکی جەماوەری بۆ ئازاد احمد لیپرسراوی کۆمیتەی پشدەرو بیتوینی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق ساز کرد لە ژیر ناونیشانی –لە پیناو باشتر خزمەت کردنی شاری رانیە–دا.

لەو کۆڕەدا کە زیاتر لە 100 کەس ئامادە بوون ئازاد احمد وەك نوێنەری خەلکی شاری رانیە، لە سەر 3 تەوەرە قسەی کرد :

لە تەوەرەی یەکەمدا کە لە سەر خویندنەوەی خۆی بوو لە سەر مانگرتن و خۆپیشان دانی رۆژی 21-6-2005 لە رانیە ،ئەو رووداوەی بە خالیکی پرشنگدار لە خەباتی خەلکی رانیە و کوردستان و سەرەتای قۆناغیکی تازە وەسف کرد و باسی ئەوەی کرد کە خەلك لە نەتیجەی بی مافی و بی بەشیەکی زۆردا لە سایەی دەسەلاتی یەکیتی وپارتیدا ،رۆژی 21-6 هاتوونەتە مەیدان و بە شیوەیەکی یەکگرتوو بە حکومەتی هەریم و دەسەلات دارانیان راگەیاندووە کە دەورەی بی دەنگی خەلك تەواو بوو ، وە تەئکیدی لە سەر ئەوە کرد کە خەلك هەمیشە و بەردەوام چاودیری رووداوو گۆرانکاریەکان دەکات ولە رۆژی خۆیشیدا قسە و هەلویستی خۆی دەبیت.

لە تەوەرەی دووەمدا لە سەر هۆکارەکانی گەندەلی ئیداری قسەی کرد وسەرچاوەی گەندەلی ئیداری گیرایەوە بۆ نەبوونی دەولەت و نائارامی سیاسی لە ئاستی عیراق و کوردستان و باسی ئەوەی کرد کە لە عیراق و کوردستان دەسەلات دەسەلاتی ئەحزاب و میلیشیا و دەستەو تاقمەکانە و هەر یەکیك لەوانە بۆ خۆی لە ناوچەیەکدا حاکمە و قانوون ویاسای تایبەت بە خۆی بەریوە دەبات.

هۆکاریکی تریشی گەراندەوە بۆ دەسەلات داران و مەسئولەکانی ناو شاری رانیە وباسی ئەوەی کرد کە ئەوان هەرچی ئیمتیازاتە بۆ خۆیانە وبۆ حیزبی دەسەلات دارە و لەم ناوەدا خەلك بی بەش بووە .

مەسەلەی بی دەنگی و بی هەلویستی خەلکیش لە بەرامبەر مەسەلەکاندا بە هۆکاریکی تر لیك دایەوە وتەئکیدی لە سەر ئەوە کرد کە ئەگەر هەر کاتیك خەلك بی دەنگ بیت ئەوا باجی بی دەنگی خۆی دەدات .

لە بەشیکی تری ئەم تەوەرەیەدا لە سەر مەسەلەی خزمەت گوزاری و پیداویستی وداواکاریە فەوریەکانی خەلکی شاری رانیە قسەی کرد و پەنجەی خستە سەر ئەو شتە زەروری و فەوریانەی کە هەر ئیستا ئەولەویەتیان هەیە و تەئکیدی لە سەر ئەوە کردەوە کە مەسەی شەفافیەت واتە ئاگادار بوونی خەلك لە ریژە و سەرچاوەکانی داهات وچۆنیەتی صرف کردنی یەکیکی تر لەو خالانەیەکە دەبی دوای 21-6 بۆ خەلك معلوم بکریت.

لە تەوەرەی سییەمی باسەکەیدا لە سەر دەوری خەلك وچۆنیەتی دریژە دان بە هاتنە مەیدانی خەلك لە رۆژی 21-6 دا قسەی کرد و لەو راستایەدا مەسەلەی پیك هینانی لیژنەی نوینەرایەتی خەلك لە ریگەی هەلبژاردنی نوینەرانی گەرەك وچین و تویژە جۆراو جۆرەکانی وەك لاوان و کریکاران و.........هتد قسەی کرد و باسی ئەوەی کرد کە ئەم لیژنەیە دەبی لە گەل دەسەلاتدا چاودیر و متابعی کار و پرۆژەکان بیت و لە هەمان کاتدا لە گەل خەلکدا لە پەیوەندیەکی بەردەوام دا بیت ، واتە بە مانایەکی تر ئەم لیژنەیە دەبی چاو و هۆش و گوێ ودەمی خەلك بیت و بتوانیت لە مەسەلەی پلان دانان و چۆنیەتی بەریوە چوونی کارو پرۆژەکان و کەم و کوریەکان وهەروەها لە گەیاندن وبەرز راگرتنی دەنگی خەلکدا ،دەوری خۆی بگیرێ.

لە بەشی دوایی کۆرە جەماوەریەکەیدا قسە و باس و مناقەشەیکی گەرم وگوور لە لایەن بەشداربوانەوە کراو بە شیوەیەکی گشتی باسەکەی و ئەو ریگاچارەیەی کە لە پیك هینانی لیژنەی جەماوەری‌دا خستیە روو لە گەل پیشوازی گەرم بەرەو روو بوو.

وە خالیکی تر کە لە کۆرەکەدا ورووژینرا و قسەباسی جددی لە سەر کرا مەسەلەی دەورو دەخالەتی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق بوو لە مانگرتن و خۆپیشان دانی رۆژی 21–6 دا و چەند کەس لە ئەندامانی دەستەی هاوکاری رانیە و کەسانیکی نزیك لە دەسەلات و حیزبی دەسەلات دار لە رانیە، نیگەرانی خۆیان لە موقفی حیزب و لە دەورو دەخالەتی حیزب باس کرد ،وە لە سەر پەیامی هاوریَ ریبوار احمد بۆ خەلکی رانیە و بۆ خودی ئازاد احمد کە لە خۆپیشان دانەکەی رۆژی 21–6 دا دەورو نەخشی بەرچاوی بینی و بە تایبەت لە نوینەرایەتی کردنی خەلکدا لە گەل دەسەلاتدا بۆ گفتو گۆ لە سەر داوا و خواستەکانی خەلك سەر سەختانە دیفاعی کرد ، قسەو باسی زۆر کرا و بەشیکی قسەکەشیان رەخنە بوو لە حیزب ،کە هاوری ئازاد لە بەرامبەر هەموو ئەمانەدا وەلامی پیویستی دانەوە و تەئکیدی لە سەر راستی ودروستی هەلویستی حیزب کردەوە لە بەشداری ولە پشتیوانی کردنی مانگرتن و خۆپیشان دانی خەلکی رانیەدا لە دژی گەندەلی و فەسادی ئیداری‌دا.

لە کۆتاییدا لە لایەن بەشدار بووانی کۆرە جەماوەریەکە وە دەست خۆشی گەرم لە ئازاد ئەحمەد کرا و دوای تەواو بوونیش مناقەشەیەکی گەرمی لی کەوتەوە و بەوە گەیشتن کە لە چەند رۆژی داهاتوودا میزگردیکی جەماوەری تر لە رانیە ساز بکریت و داوا لە دەسەلاتیش بکریت کە لەو کۆرە جەماوەریەدا بەشداری بکات.

**پەیامنیری ئۆکتۆبەر لە رانیە**

2005/7/9